کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-8-2007 16:08 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وتاری باراندنی ڕق و قین لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەکانی یەکگرتوو کۆمەڵ ... دادیار حەمرینی

cudammm@yahoo. com

تا سەر ئێسقان باوەڕم بەوەیە کە مرۆڤ ئازادە لە دەربڕین و خواستەکانی خۆی. بۆیە بە تەواوی بە پێویستی دەزانم ڕێز لەو خواستە بگیرێ و مرۆڤی کورد ئازادانە گەشە بکات و بەرەو پێش بڕوات. بەڵام ئەو کارەش ئەوە ناگەیەنێ کە ڕەخنە نەگرین و کۆمەڵگای کوردی لە مەترسیەکان ئاگادار نەکەینەوە، ئەوەش کاتێك کە وتاری حیزبێك دەبێت بە مەترسی لەسەر کۆمەڵگا و سنوور بۆ زمانی دۆگمای خۆیان دانانێن. ئازادی بیروڕا کاتێك دەبێتە هۆی ئاژاوە بۆ کۆمەڵگا و مەترسی لەسەر خودی ئازادی دروست دەکات ئەوە بە هەموومان دەبێ بەرگری لەو ئازادیە بکەین.

لێرەدا دەمەوێ بەسەرهاتێکی ڕاستەقینە بخەمە بەردەم ڕۆژنامەگەری کوردی و میدیاکان بۆ ئەوەی هەموومان بەیەکەوە پنت لەسەر پیتەکان دابنێین و دیوی ژوورەوەی هەست پێنەکراوی تەلەفیزیۆنەکەی یەکگرتوو کە وردە وردە کۆمەڵگاکەمان بنکۆڵ دەکات و ئارام لەبەر دایك و باوکانمان هەڵدەگرێت و لەگەڵ مناڵەکانیان ڕووبەڕوویان دەکەنەوە، بخەینە ڕوو.

هەموومان دەزانین دین یەکێکە لە ناسکترین تایبەتمەندیەکانی مرۆڤ. هەموو یاسا نێودەوڵەتی و بنەماکانی مافی مرۆڤیش لەسەر ئەوە سوورن کە دینداریش وەکو هەر لایەنێکی تری ئازادیەکانی مرۆڤ کارێکی تایبەتە و بۆ کەس نیە دەست لەو تایبەتمەندیە وەربدات. کەسەکان دیندار بن یا بێ دین ئەوە مافێکی خۆیانە. بەڵام ئەی ئەگەر وتاری دینی کەشوهەوای ئازادی مرۆڤەکان تێك بدات و لە جیاتی خۆشەویستی ڕق و قین بڵاوبکاتەوە، ئەوە بێگوومان سنووری ئازادیەکان دەبڕێت و لە خودی خۆیدا دەبێتە تێکدەر بۆ ئازادی بیروڕا و بۆ ئارامی کۆمەڵگا.

ئەو میدیا چەواشەکارە پشت بە قسەو گفتەکانی ئەو زانا مسوڵمانە دژ بە مرۆڤانە دەبەستێ کە مانەوەیان لەسەر ڕقە و لە پێناو ڕقیش تێدەکۆشن. ئەوەتا زانای پاکستانی مەودودی لە کتێبێکی بچکۆڵەیدا بە ناوی (چەند وتەیەك بۆ خوێندکاران) دەڵێ: کەی مناڵێك کێشەو ناخۆشی لەگەڵ دایك و باوکی دروست دەکرد ئەوسا قەناعەتمان دەهات کە ئەو مناڵە ئیمانی پتەوە و خێرداره بۆ پرۆژەی گەڕاندنەوەی ئیسلام.

ئەو نەفەسە دژ بە مرۆڤایەتیە بۆ ماوەیەکی زۆرە ئارامی و خۆشەویستی یەکێك لەو خێزانانەی هەولێری شێواندووە و ژیانیان لێ هەراسان کراوە. پوختەی چیرۆکەکەش بەم جۆرەیە: یەکێك لە کوڕەکانی ئەو ماڵە چیتر خۆی بە مسوڵمان نازانێ و بڕیاری داوە نوێژ نەکات. گەیشتنیشی بەو قەناعەتە زەمەنێکی ویستووە و لە چڵەپۆپەی دینداریەوە ئەمڕۆ خۆی لە پانتایی بێدینەکان دەبینێتەوە، کە ئەو کارەش بە پێی پێوەرە مرۆڤیەکان کارێکی ئاساییە و پەیوەستە بە تایبەتیەکانی ئەو کەسە.

ئەو مرۆڤە بە هەر شێوەیەك بێ توانیبووی دایك و باوکی لەو کەشو هەوایە نوێیەی ژیانی خۆی ڕابێنێ و بیانگەیەنێتە قەناعەت کە ئەمە پەیوەستە بە هەڵبژاردنی خۆی و ئیتر نوێژ و ڕۆژوو بە کارێکی پێویست نازانێ. ئیتر لە ژیانی ئەودا هەموو ئەو تقوسە عەرەبیانە بە تەواوەتی لە ماناکانیان بەتاڵ بوونەتەوە، چیتر دین ئەو ڕۆڵە لە ژیانی ئەودا ناگێڕێ کە پێشتر دەیگێڕا، ئیتر دەیەوێ زەمەنێکیش بە ئازادی بژیێت دوور لە کۆت و پێوەندەکانی دۆزەخ و بەهەشتی وەهم. چیتر نایەوێ خودایەك بپەرستێ کە چیتر خودای هەموو مرۆڤایەتی نیە، چیتر خودای خۆشەویستی نیە، ئەو خودایەی کە ئەو پێشتر لە ڕێی قورئان ناسیویەتی بێجگە لە جەللادێك شتێکی تر نیە. بۆیە بڕیاری داوە ئەو پەیوەندیە بوەستێنێ لەگەڵ خودای مسوڵمانەکان، کە ڕۆژانە هەزاران تاوان و کوشتن و ناهەقی بە ناوەوە دەکرێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

و ئەویش چاوی نوقاندوون و بێ خەم لەسەر عەرشەکەی پاڵی داوەتەوە، بێ ئەوەی نقەی لێوە بێ. بۆیە بڕیاری داوە ئیتر دۆستایەتی ئەو خودایە نەکات. خودایەك کە بوونی هەبێ و ئاگادار بێ و ڕازیش بێ بە هەموو ئەو تاوانانەی کە بە ناوی ئەوەوە دەکرێن دەبێ چ جۆرە خودایەك بێ؟

ئەو دەڵێ ئەو خودایەی هەنوکە دەیناسم و پەیوەندیم پێوە کردووە، نە ئەو خودایەیە کە مسوڵمانەکان باسی دەکەن و نە ئەوەشە کە کریستیان و جولەکە باسی دەکەن. ئەو خودایە چیتر لە مزگەوت و دێر و کەنیسەکاندا نادۆزرێتەوە، چیتر ئاڕاستەی ئەو ئەو قیبلانە نین کە بێجگە لە درۆ و وەهمی گەورە چیتر نین. ئەو بەردەوام دەبێ و دەڵێ: هۆ خەڵکینە خودای ئێمە لە ناو خۆماندایە، کەی خۆمان دۆزیەوە خودای بە هەقیش دەدۆزینەوە، خۆتان بناسن خواتان دەناسن. خودای ئێمە خۆشەویستیە، ڕێز و سۆز و میهرەبانیە. چیتر ترسێنەر نیە. ئەوە چ خودایەکە ترسێنەر بێ و خەڵك لە ترسان بیپەرستێ. دەی با ترس لە دڵی خۆمان دەرکەین، ترسی مردن، ترسی دۆزەخ، ترسی ئاگر و سوتاندن و ئازاردان و ئەشکەنجەدانی قیامەت، ئینجا دەپرسین داخۆ چەند مسوڵمان دەمێننەوە نوێژ بکەن و ئەو خوایە ترسێنەرە بناسن؟ ئەو دڵنیایە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگای کوردی لە ترسان خودا دەپەرستن. دەی خودایەك لە ترسان بپەرسترێ چ مانایەك و چ ئیعتیبارێکی هەیە؟

دایك و باوکی ئەو بەڕێزەی کە ئەو شۆڕشەی لە ناخی خۆیدا بەرپا کردووە، بە ئارامی و بێ کێشە لەگەڵ خێزانی لە یەکێك لە ژوورەکانی خانووی دایك وباوکی دەژیێ و ئەو پەڕی ڕێز و خۆشەویستی بۆ دایك و باوکی هەیە و خزمەتیان دەکات. بەڵام بۆ ماوەیەك دەچێ ئەو دایك و باوکە ڕووبەڕووی کوڕەکەیان بوونەتەوە. پێی دەڵێن تۆ کافر بووی و نوێژ ناکەیت و بوونت پیسی و ناخۆشی بۆ ئەو خێزانە دێنێ. نوێژنەکەر دەبێ دەربەدەر بکرێ، دەبێ بکوژرێ، یان دەبێ تۆبە بکات و ئیتر بگەڕێتەوە سەر نوێژەکانی خۆی. ئەو کوڕە بەستەزمانە زۆر هەوڵی لەگەڵ داون، دەڵێ: هەموو بەیانیان کە گوێیان لە ڕادیۆی یەکگرتوو و کۆمەڵ دەبێ یان کە تەماشای هەندێ لە بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنەکەیان دەکەن ئیتر شێت و دین دەبن و تف و نەفرەت لە کوڕەکە و تەنانەت لە خێزانەکەشی دەکەن، لەسەر هیچ نا بێجگە لە نوێژ نەکردن.

لە ڕاستیدا من ئەو خێزانە دەناسم، خێزانێکی بەڕێز و ڕەفتار جوان و میهرەبان بوون لەگەڵ یەکتر، کوڕوکچەکان هەمیشە وەکو گەورە و بەڕێز دەڕواننە دایك و باوکیان. بەڵام هەنووکە دایك باوك گۆڕاون، بوون بە غەزەب، ڕقیان لێ دەبارێ. ئەم کوڕە دەڵێ: ئەگەر چەند ڕۆژێك گوێیان لە وتارەکانی ئەو ڕادیۆیانە نەبێ دایك و باوك شێنە دەبنەوە و هەندێ جار داوای بووردنیش لە مناڵەکان دەکەن، بەڵام دواتر لەگەڵ یەکەم گوێگرتن وەکو خۆیان لێدێتەوە. دەڵێن ئێمە لە مردن دەترسین و نابێ بێ دین لە ماڵمان هەبێ، نابێ چاومان بە کوڕی نوێژنەکەرمان بکەوێ.

ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی یەکگرتوو و کۆمەڵ ژیانی ئەو خێزانەیان کردووە بە دۆزەخ، دڵنیام ئەقڵی زۆر خەڵکی تریشیان لە ڕێز و خۆشەویستی بێ بەش کردوون، ئارامیان لەبەر هەڵگرتوون. بۆیە پێویستە ئەو دەنگانە ڕابگیرێن، پێویستە هەموو ئەو دەنگانەی کە وروژێنەر و ئامۆژگاری کەرن بە شێوازی ترساندن و تۆقاندن کپ بکرێن، ئەمەش پێچەوانەی ئازادی بیروڕا نیە، بەڵکو لە پێناو ئازادی بیروڕادایە.

ئەمڕۆ ژیانی ئەو خێزانە ڕووبەڕووی هەڕەشەی لەبەر یەکهەڵوەشان و ناتەبایی بۆتەوە. منیش تەنها ئەوە دەپرسم ئایا ئەوەیە خۆشەویستی خودا و ڕێبازی قیامەت؟ بۆ دەست دەخەنە تایبەتمەندیەکانی خەڵك؟ بۆ خەڵك دابەش دەکەنە سەر باوەڕدار و بێباوەڕ؟ بۆ سەر کافر و مسوڵمان؟ ئەم کارە کارێکی مەترسیدارە بۆ کۆمەڵگای ئێمە. ئەگەر میدیا کاری لەسەر نەکات ئیتر ژیان بە هەمووومان تەنگ دەبێ، ئیتر بەچکە شێرانی خۆبەختکەر بۆ خۆتەقاندنەوە و یەتیمکردنی سەدان و هەزاران مناڵ و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکان و ڕژانی خوێنی بێتاوانان بە ناڕەوا دەبێتە بەشێکی گرنگ لە کۆمەڵگا و شمشێری نەفرەتی دین هەڕەشە لە هەموو گەردەنەکان دەکات.

ئەو خێزانە ژیانیان بووە بە دۆزەخ، کوڕەکە بەڕۆژ کار دەکات بۆ ئەوەی بەو کەمە داهاتەی کە وەری دەگرێ دایك و باوك و خێزان و منداڵەکانی بژیێنێ، بەڵام لەمەودوا ئەو بارودۆخەی ئەو خێزانە بەرە و ناڕەحەتیەکی ئەبەدی دەگۆڕێ؟ ئێمەش دەپرسین ئا ئەوەیە پرۆژەی ڕزگارکەری ئیسلامیەکان؟

من تەواو ئاگادارم بەوەش کە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکانی حیزبەکانی تریش هیچ پرۆژەیەکیان پێنیە و زۆرێك لە بەرنامەکان کار لەسەر کەرکردنی خەڵك دەکەن، لە داهاتوودا هەوڵ دەدەم هەندێکیش لەو بابەتانە بنوسم دەربارەی بە کەر کردنی خەڵك.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.